بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر).

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

وەكی حەفتەكانیتكە جموعی مەوجودین، سەفرەكی ئیمانی و تەقوایی پێكەوە، على جناح السرعة، دەچینە خزمەت رسول الله محمد (صلى الله عليه وسلم)، مامۆستامان پێشەوامان خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم)، لۆوەی بەعزەك لەقەطات لە حەیاتی موبارەكی خۆی و جەمعی صەحابەی كیرام قەطع كەین، ئەمەی شەبابی صەحوەی موحتاج پێوەی موشەرەف بین بیكەینە مایەی سەعادەت لە دونیا و لە ئاخیرەتمان.

لە حەفتەی پێشترێ لە خزمەتتان بەحسی غەزوەی ئوحدمان كرد، پاشی غەزوەی بەدر ئەو قەوانینانەی كە خودا جل جلالە لە ضمنی تەعامول دەكا لەگەر جموعی موئمینین، چۆنیەتی تەطبیقكردنی ئەو قەوانینانەمان عەرز كردن، لە خیلالی نەشاط و حەرەكەی حەزرەت (صلى الله عليه وسلم)، وە نەفسی وەقت لە خیلالی حەرەكەی صەحابەی كیرام، چەندین تەجازوب و تەقارب و مولاقاتی جەمعی صەحابە بووبی لەسەر ئەوقانونەی، ئەوندە لەطائیف و رەحەماتی رەببانیان لێ نزیكبووە، وە لە واقیعیش كەلیمەی نەصر و غەلەبە هاتتە وجود بە دەستیان.

ئەمما لە غەزوەی ئوحد مولاحەزەمان كرد، كە كەمەك كەم تەرخەمی بوو لەناو داخیلی صەحابە، وە كە ئەو كەمتەرخەمییە تەحویل بوو لەبۆ واقیع، كە كو تەئسیری سلبی كردە سەر مەجرای ئەحداس بە هەمووی، وە ئەسەری فیعلی هەبوو لەسەر حەتا زاتی خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم)، ئەورۆ لە خزمەتتان نەفسی قەوانین تەطبیق دەكەین لەسەر غەزوەی خەندەق، كە كو هۆردوو حالەت بە موشابیهی لەناو جەمعی صەحابە مەوجودە، ئائەو حالەتە داخیلیەیان كو تەئسیر دەكاتە سەر مەجرای ئەحداس دیسان، وەكو موسبەقەن موتتەفیقین لە خزمەتتان كە قورئان جەرەیان دروست دەكا لەبۆ حەیاتی حەزرەت (صلى الله عليه وسلم) لەگەر جموعی صەحابە، وە قورئان موهەیمنە وە صادقترین كیتاب لەبۆ عەرض و تەحلیل و نەقلی ئەحداث قورئانە، لۆیە دیسان دەچینە خزمەت قورئان بەعزە لەقەطات عەرز كەین، پاش ئەوەی نەزرەكی تاریخی حەدەس باس دەكەم.

مەعلومتانە قورەیش لە ئوحد فەوزی هینا بە دەلائیلی قورئانیی، وە مەوقیعی پێغەمبەر و جەمعی صەحابە بەو نەوعەی نیهایەتی هات كە باسمان كرد، ئەمما جەولات و صەولات بەینی عباد الله وە عباد الشيطان جارییە هەتا كورەی ئەرز مابی، وە بەشەر و ئینسانی موئمین لەسەری مابی، دائیمە

فیئەی شەڕ مەحاوەلەی ئیعادەی نەشاطی خۆی دەکا لۆوەی بتانی ضەڕەباتی خۆی بووەشێنی خەیر ئیزاحە بکا، وە خەیریش مەحاوەلەی ئەوەی دەکا وفقی وعودی ڕەببانی فیعلەن بتانی ئەو خەیرییەتەی کە پێی درایە، لە بیدایەتی خلقەت سەحبی بکا و سێبەری باوێتە کورەی ئەرز، ئەو صیراعە موستەمیرە لە ئادەمەوە هەتا خاتەم وە هەتا ئاخیر ئینسان لەسەر وجود.

لەقطەك لەو صیراعە لە حەیاتی پێغەمبەر پاشی غەزوەی ئوحد دەستی پێ دەکا، بەوەی کە جموعی یەهود طەبعەن قەوسەك بکەینەوە لە خزمەتتان، باسی ئەوەمان کرد فیئاتی مەوجوودین لەناو مەدینە موتەنەویع بوون، جالیاتی غەیری عەرەبی مەوجوود بوو لە یەهود لە مەسیحیین لە زەردەشتیین لە ئەحباش لە فورس، ئەوانە هەمووی فیئاتی موتەنەویع بوون، ئەمما پەتی ئیدارە و ئیدامەی حەیاتی بەشەری لە مەدینە بەدەست یەهود بوو، کە پێشتریش بە موفەصصەلی باسمان کردییە، ئەو حەڕەکەی ئەخیری قوڕەیش لەگەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە قەناعەتی یەهود ئەوهابوو بەس ئیعادەکی بەسیط لەبۆ جوللی نەشاطیان بکرێتەوە، دەتانن فیعلەن ڕەگ و ڕیشەی جەمعی صەحابە قەطع کەن لە مەدینە، هەر چەندە تەعەهودات و مواثیق و عهودەکی زۆر توند و بەقووەت هەبوو لە بەینی حەزرەت (صلى الله عليه وسلم) لە گەر جموعی یەهودەکان (جولەکەکان).

لۆیە سرەن جەولەکی مەکوکی بیست لە زەعیمە سیاسی و عەسکەرییەکانی یەهود دەستیان پێی کرد لەبۆ مەککە و ئەطڕافی مەککە، کە فیعلەن ئیثارەی مەشاعیری قوڕەیش بکەن، ئەگەر هاتوو قوڕەیش دەستەکی گچکە بووەشێنی دەکرێ محمد و ئەصحابی محمد ئینتیهای پێ بێ، وە موشکیلەی سەر کورەی ئەرزیش لەوانەوە دەستی پێ کردییە، فە پاش بینە و ببەکی زۆر، جموعی یەهود بە هەموو ئیمکانیاتیان لەسەر کورەی ئەرز وە شەیاطینیش و بذات ئیبلیس لە گەریان بوو تانیان یەهود ئیستیمالەی قوڕەیش بکەن، قوڕەیش پاشی عەقدی لیقائاتی موعەییەن، ئیقناع ببن کە فیعلەن ئەوجارە ضەڕبەکی موعەییەن پشتی دین دەشکێنی ئەو دینەی کە بوویتە بیدعە لەبۆیان، ئەثەری ئیقتیصادی و ئیجتیماعی و سیاسی زۆری لەسەریان بووە سلبەن.

لە قیادەی یەهود سلامە ئیبن و ئەبی حەقیق وە کینانە بن و ئەبی عەمر وە حویەی بن ئەخطەك، ئەوانە موخەطیط و مونەفیذ بوون، بە دەلیلی قورئانی حویەی عیلاقەی موباشیری لەگەر شەیطان هەبوو، لەگەر موجریمەکی دی کە ناوی ئەبو رافعە سەیدی قەومی بەنی نەضیر، شەیاطین خەڕائیط دادەنێ لەبۆ یەهود، یەهودیش تەحویلی دەکا وەکو جسرەك وەکو مەرکەزەکی ئیستیلام و تەسلیم، تەحویلی دەکا لەبۆ قوڕەیش لەناو قوڕەیشیش نەوعیاتی ئەوها هەبوو فیعلەن وەحی شەیطانی لەبۆ بێ، لۆیە لە فەوق لە ئاسمان تانیان شەیاطین شەبەکەکی موعەییەن دروست بکەن، ئیثارەی جەمبەی

غەریزی عەدائی قورەیش بکەن، لۆ هجوم کردنە سەر مەدینە یەهود لێرە ناجیح بوون، لە هەموو زەمانەکیش ئەو ئیشەی دەکەن.

ئەوجارە چوونە دەوروبەری مەککە ئەو قەبائیلە ضەخم و گەورانە کە عیلاقەی سلبی و ئیجابیان نەبووە هەتا ئێستا لەگەر حەزرەت (صلی الله علیە وسلم)، یەك لەوانە قەبیلەی غەطەفان کە عەدەدیان چەند هەزار نەفەربوون، لە قورەیش زیاتربوون کیانەکی موستەقیلی خاصی خۆیان هەبوو، ئەنضیمە و قەوانینی خاصی خۆیان هەبوو بەڕێوەیانی دەبرد، موشریکیش بوون عیلاقەی تەعەهود و تەحالوفی سیاسی و عەسکەری موعەییەنیان بوو لەگەر مەککەیی،لۆیە یەهود تانی ئیستیمالەی غەطەفانیش بکا بە بوعدی ئیقتیصادی، بەوەی کە هەرچی ئینتاجی زراعی هەیە لە مەدینە لە موددەی ساڵەك هەموو تەقدیم بکرێتە قەبیلەی غەطەفان، بەو شەرتەی قەبیلەی غەطەفان موشارەکەی حەربەکەی بکا، پاشان چوونە ناو قەبائیلیتکە وەکو بەنی کینانە بەنی توهامە ئەحابیش ئەوانە هەموویان مەجامیع بوو، یەهود تانیان ئەوانە هەمووی ئیقناع کەن.

لۆیە جەیشەك قیوامی (١٠) دە هەزار موقاتیل موعەسکەراتی چاك و باشیان لەبۆ تەهیئە کرا، تەدریبی عەسکەری چاك بکرێ وە جەیشەکە هەمووی یەهود تەمویلی عەسکەریان بکا، هەر بەشیر و بە ڕمح و بە تیر و بە زرێ وە هەرچی سەیاراتی نەقلیان هەبی هەر یەهود دیسان تەکەفولی پێ بکا، لە حوشتر و لە ئەسپ و دەوابیتکە، زەعیمی سیاسی ئائەو فیئە ضەخمە ئەبوسوفیان بی، زوعەمائیتکە غەطەفان زوعەمائی خۆی هەبی، ئەدوار هەمووی تەقسیم بکەن وە هەر ئیشەك بکرێ بە مەشوەرەت بکرێ، یەهود تانی ئائەوەی تەئمین بکا لە مەککە، بە سەریعی گەڕاوە ناو مەدینە کأنە هیچی نەکردییە.

ئەمما پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم)، لەبەر ئەوەی خەتمائیلی هەبوو لەناو مەککە دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد، کە لە غەزوەی بەدر یەك دووەکیان گیران یەکسەر تەقاریری سەریعیان نووسی و عەرزیان کردە خزمەت پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم)، لە فەترەکی کەم تەقاریر گەیشتە مەدینە، ئەمما پێشی ئەوەی دائیرەی ئەمنی ریسالی تەقاریری سەر عاردی پێ بگا لە مەککەوە رب العالمین لەقەطاطی ڕۆیشتنی.. جەرەیانی ئەحداث و موناقەشات و ئیجتیماعات هەمووی عەنطەڕیقی مەلائیکەت نەقل کرد لەبۆ حەزرەت (صلی الله علیە وسلم)، یەکسەر پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم)، ئیعلانی حالەی طەوارێئی عامی کرد لەناو مەدینە، جموعی صەحابە هەمووی جەمع بوون هەیئەی عەسکەری ئیستیشارەیانی پێکرد، کە قەضییەکی ئەوها هەیە وە عەنطەڕیقی وەحی ئیعلام کرایمە، مەوقیفمان چ بی باشە؟ هەر صەحابەك رەئی خۆی دا لێرە قەوسەك دەکەمەوە. زۆرجار بەحسی ئەوەمان کردییە کە ئیمان عەقل دروست دەکا، ئیمان ئیدراك دروست دەکا، ئائەو قووە

کامینەی کە رب العالمین دایتییە بەشەر عەنطەڕیقی ئیمان، ئیزن دەدرێ لەلایەن (رب العالمین)ەوە لەبۆ وەی فیعلەن ئائەو مێشکە کە خودا لەگەر سونەنی کەونی دایناییە، ئەگەر هاتوو موئمین عەن طەڕیقی ئیمان تانی مەفاتیحی عەقلیش ئیش پێ بکا، ئەو وەختی فیعلەن سونەنی شەرعیش وەکو کلیلەك دەدرێتە دەست ئینسانی موئمین، وە دەتانی نەك بەس ئائەو جنودەی کە رب العالمین لە ئاسمان دایانانە لەبۆ نەصرەتی جەمعی موئمین و ریعایەت کردنیان، ئیننەما حەتتا سونەنی کەونیشی پێ تەسخیر دەکرێ.

لۆیە صەحابییەك لەو صەحابیانە کە دەستی بە ڕەئی دان کرد، ڕەئی زۆر درا لە هەموویان باشتر کە وەحی پێی مەقبول بی جبریل خۆی مەوجوود بوو لە لیقاء، کە پێی صەحیح بی ئەوە بوو سەلمان رضی الله عنه وأرضاه، طەرحی ئەوەی کرد بەس ئەو بوعدەی ئەو موڕەبەعەی ئەو مەجالەی کە دەمینێ لەبۆ هاتووچۆ لە مەدینە، لەبۆ هاتنی ناو مەدینە، ئائەو مەنطیقەیە خەندەقی لێ بدرێ، چونکی دەوروبەریتکەی مەدینە ئەگەر چیا چیای هەیە، ئەگەر تەپۆلکە و گرد زەحمەتە قەطع کردنی ماتەبەقاش پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە هاتە مەدینە ئەمری کرد دار بچیندرێ، بەحسمان کرد لە چار موحاضەرەی پێشی ئێستا.

عەدەدی موهاجیرین زۆر بوو لەناو مەدینە، تەلەووثی بیئە دروست دەبوو تەلەووثی هەوائی، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەمری کرد دار بچیندرێ دارەکی زۆر بە سەدەها و بە هەزارەها دار چیندرا لە دەوروبەری مەدینە، لەو جێیەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تەخصیصی کردبوو، لۆوەی کەمی ئۆکسجین ئائەو ئۆکسجینەی ئەو عەدەدە زۆرە موهاجیرە هاتیتە ناو مەدینە هەڵی دەمژی عەدەدی طەبیعی نییە، وە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنیش دەدا تەوازنی هەوائی تێك دەچێ، لۆوەی ئەو تەوازنە دروست ببی عەنطەڕیقی وەحی، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەمری کرد بە جەمعی صەحابە دار بچینن، وە ئەو مەنطیقە موڕەبەعەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لۆی تەعیین کردبوو ئائەو مەناطیقانە پاشی پێنج ساڵ کە غەزوەی خەندەق هاتەجێ هەموو دارەکان برند ببوون، وەکی پەرژینەکی حدوودەکی لێهات بوو، فیعلەن جەماعەتی موشریکین نەتانی ئیختیڕاقی کا.

بەس تەقریبەن دوازدە هەزار گەز ذیراع هەر ذیراعەك طولی درێژایی حەفتا سانتیمە، هەر ئەوەندە مەجالە مابوو قوڕەیش بتانی ئیختیڕاقی بکا و بێتە ژۆرێ، فە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەمری کرد ئائەو دوازدە هەزار گەزە حەفر بکرێ حەفر کرا، لە عومقی سێ مەتر بەقولی بە بەرینایی سێ مەترو قسور لۆوەی حەتتا ئەسپیش نەتانی لەسەری باز بدا، سێ هەزار صەحابی لە سبەینێ پاش دەرچوونی ڕۆژ بە فەصلی زستان حەتا پاشی عیشا، لۆوەی بتانن لە زەرفەکی موعەییەن کە شەش

ڕۆژە موحەدد بە شەش ڕۆژ، خەندەق هەمووی تەواو بکەن، لە هەشتەمین ڕۆژ جەیش دەگاتە مەنطیقە، لۆوەی موفاجەئەبی لەبۆی.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە قائیمەی جموعی صەحابە تەوزیعی دەکردن، لۆوەی کەفائات هەمووی موەزەع بی، فیعلەن دە نەفەر دە نەفەر، هەریەکە چل گەز لەبۆی تەوزیع کرابوو تەقسیم کرابوو، هەمووی کو چەندی لەبۆی تەشخیص کرا بوو، لەو وەقتەی تانی فیعلەن ئائەو کەممە عاردە هەربقەنی حەفری بکا، لۆ؟ چونکی حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) خۆی موقەویم بوو لەسەر تەوزیعی عەناصرەکان، مەثەلەن هەمووی گەنج نەبن دە نەفەر، کە لیژنەی تەشکیل دەکەن چل گەز عارد هەربقەنن هەردەیان گەنج نەبن ماتەبەققا پیر، دە پیر پێکەوە پێیان نەکرێ ئیشەکەی بکەن، حەتا تەوزیعی طاقەی بەدەنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، لەبۆ ئەو کەمە صەحابییە موتەکافیء بوو، زەمەنەن حیسابی ئەوەی بکرێ بتانن لە زەرفی ئائەو شەش ڕۆژەی ئیشەکە ئیکتیمال ببی، وە خۆی موشریفە لەسەر ئیدارە، خەریتە خۆی دادەنێ، جوبریلیش هیمەمیان لەبۆ زیاد دەکا، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، دەفەرمووی: ئەوە مەلائیکەت لەگەرمانە صەلەوات و ئیستیغفار دەکا لەبۆ ئەو جەمعە موئمینە.

فەصلەکەش فەصلی زستانە ساردترین ساڵ بووە لەسەر جموعی صەحابە و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، هەتا ئێوارێ ئیشەکەی دەکەن جموعی صەحابە دەگەڕێنەوە، دوو ساڵ پێشی ویش هاتی دەرامەتی زڕاعی مەحدود بووە، عیلمەن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) أولا بأول ئەمری کردبییە مەدینە ئەگەر هاتوو دوو ساڵیش حەصاری لەسەر دابنرێ بتانی ئیعتیماد لەسەر خەزینی خۆی بکا، لە بەروبوومی ئینتاجی زڕاعی.

لەو لەحەظاتانەی کە صەحابی حەفری خەندەقەکەی دەکەن، موحتەمەلە بەردی گەورە یا جێی سەخت پێیان نەکرێ حەفریکەن یەکسەر بانگی پێغەمبەریان دەکرد (صلی الله علیه وسلم)، چونکی لیژنەی عولیا و ڕەئیسی ئەوە، عیلمەن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) عومری پەنجا و قوسور سارە، حەزرەت (صلی الله علیه وسلم) پیر بووە مووەکانی سپی بووە، پشتی قیچەك ئەوە بووە تاقەتی گەنجی نەمایە، ئەوجە یەکسەر هاواریان دەکرد یا رسول الله پێمان ناکرێ ئەو مەنطیقەیە حەفر کەین، تەشریفی نەقل دەبوو لەبۆ جێ دەستی دەگرتە حەففارەکەی، یەکسەر کوتینی دەست پێدەکرد.

ڕۆژەك لە ڕۆژەکان ئەوها چارەمین ڕۆژ پێنجەمین ڕۆژ، بەردەکی ضەخم ڕێیان لێ دەگرێ یەکسەر صەحابی هاوار دەکا یارسول الله بەردەکی ضەخم دەرچووە و پێشمان عیلاج ناکرێ، یەکسەر تەشریفی خۆی دێ بە یەك لێدان تەکبیرەکی گەورە دەکا صەوتەکی گەورە دەردەینی بە (الله

اكبر)، صەحابەش هەمووی ڕادەوەستن، جواب دەدا دەرێ: قەناعەتتان هەبی قصوڕی کیسرا مەدائین دەرکەکانی هەمووی ئەوها کرابۆوە، موزەخرەف بوو ئەوها ڕەنگیان ئەوها بوو صبووغەکەی ئەوها بوو، بەو لەونەی بوو لەبۆمان کرایتەوە بەس بەو نەوعەی بین کە خودا دەیەوێ.

حەففارەی دووەمی لێدا دیسان تەکبیرەی ئیحرامی کرد (الله أكبر)، فەرمووی: قصوڕی شام هەموو قەوسەکانی عەدەدیان ئەوەندەبوو، بەو نەوعەی هەمووی لە پێش چاوم ڕوناك بوو، کلیلیان دادەستم، ئەوەی سێیەمی لێدا دیسان تەکبیرە و فەرمووی: یەمەنیش وەکی ئائەو ئەوسێ مەنطیقەیە فەتح دەبێ لەبۆ جموعی ئەحیببائی صەحابە، عیلمەن لەو حالەتەی دابوون کە نەدەوێران، وەقتی خۆیان وفقی ئائەو تەقسیم و تەوزیعەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کردیتی غەیری وەی بکەن، حەتا صەحابە لە ئەسنای حەفر کردن لەبۆ قەزای حاجە دەبا موراجەعەی پێغەمبەری بکا (صلى الله عليه وسلم)، چونکی وەقتەکە زەمەنەکە لەسەریان زۆر موحریج بوو، لەو وەقتەی کە سەیطەرەیان پێ ناکرێ، ئیللا دەبی زۆر جوهد صەرف کەن، ئیمکانییەتی خۆیان هەرچی طاقاتیان هەیە هەمووی بیننە سەر واقیع، ئەوجە لەو وەقتەی لەو حەراجەتەی دە هەزار نەفەر ئینتیزار دەکەن بێن هەموو سەریان پەلدا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وعودیان دەداتێ چ نەوعە وعودەك نەك ئەحزاب، هەمووی دەفەوتێ و دەڕوا رب العالمين حیمایەیان دەکا، و حیفاظەتیان لەبۆ دروست دەکا عەن طەڕیقی جنودی مەلائیکەت، یاخود ریح.

ئیننەما وعودیان دەداتێ وعودی نەوعی کە فیعلەن کوڕەی ئەرز ئەو دوو جەبهە عیملاقە لەسەر کوڕەی ئەرز شەرقی و غەربی، نەك بەس مەفاتیحی دەولەتیان ئیننەما قصوڕی زوعەمائیان روئەسائیان ملوکیان دەدرێتە دەست پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، لۆیە صبغی یا لەونی ئەصباغی خانی قصوڕی زوعەماء پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەصفی دەکرد لەبۆ صەحابەی، قصوڕی کیسرام دیت بەونەوعە و بەونەوعەی بوو، ئەبواب و شەبابیکی شامم دیت کە قەیصەڕ تێیدا دادەنیشی، ئائەوەیە وەعدی ڕەببانی عەن طەڕیقی رەسولی نەقل دەبی لەبۆ جەمعی صەحابە.

بەلێ پاشی شەش ڕۆژ سوپایەکی دەهەزار نەفەری قوڕەیش و جموعی موشریکین، لە هەموو جەزیرەی عەرەبی گەیشتە مەنطقە، وەزیری عەسکەریان عیکریمەیە عیکریمەی کوڕی ئەبی جەهل، مەسئولی قەطاعاتی حەرەکی نەشاط ئی سەریع ناوی عەمرو بن عەبدو ودده، مەسئولی ئیمدادات و ئەوانە ئوموری عەسکەریات ضیراڕ ئیبنو خەططابە، ئەوانە هەموو موستەطلیع دەرچووینە گەیشتنە مەنطیقە شوێن موفاجەئە بوو لەبۆیان، شتەکی غەریبە خەندەقەکی عەمیق قول

وه پانی پێدرایە هەرچی حیساباتی عەسکەریان لە مێشکیدا هەبووبی، هەموویان موڕاجەعە کرد ئائەوەی تێدا نییە.

لۆیە کە خەبەر نەقل بوو لەبۆ ئەبوسوفیان ئەو جەمعە ضەخمە کە هات لەوێ تەعەسکوری کرد خەیمەو ڕەشماڵی خۆی لێدا، هەمووی موتەرەددید بوون، چەند ڕۆژەك باشە ئەوە کو کرایە؟ کو پێیان کرایە؟ کێ ئەو عیلمەی فێرکردینە؟ کێ ئەو خەریتەیەی لۆ دانایە؟ نەتائیجی وەی چ دەبی کو پێیان دەکرێ ئیختیراقی ئەو حالەتەی بکەن، لۆیە هەتا سێ ڕۆژان بینە و ببە بوو هەر لیجانی عەسکەری تەشکیل دەکرا، لەناو جموعی موشریکین خەرائیط دادەنرا نەیان دەزانی چ بکەن، ئەوە ئەگەر خوا بیەوێ شتەك بکا عەن طەریقی عیبادی، وە فیعلەن عباد عبادالله بن عبدالرحمن بن دەیکا، ئەگەر هاتوو لە خەریطەی شەیاطینیش ئائەو تەوەققوعە نەبی، بەلێ ئەوە لەو لایەنەی.

لە طەرەفیتکە لە پشتەوە لەناو مەدینە کە بەحسی یەهودمان کرد لە بیدایەت، یەهود خۆیان ئیستیعدادی کوللی خۆیان دەربڕی بوو، وە خەریتەش لە کنیان مەوجودە، ئەمما ئائەو حەفرکردنی خەندەقە بەو شەش ڕۆژەی، ئەو تەعتیمە نەوعییە، نەقل نەکردنی ئەو خەبەرەی لەبۆ یەهود یەهودیش نەقلی نەکا لەبۆ قورەیش، گەورەترین شت بوو رب العالمین کردی لەبۆ جەمعی صەحابە و پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)، ئەو خەبەرە نەقل نەبی لەبۆ وان، ئەمما یەهود خۆی لە داخیلی خۆی ئەمری ئەوەی دانایە ببتە موعەسکەری داخیلی لەبۆ کوفر و موشریك، فە لۆیە دیسان عەن طەریقی مەلائیکەت خەبەر گەیشتە پێغەمبەری (صلى الله علیه وسلم)، کە یەهود لەوی ئیستیعدادی خۆیان دەردەبڕن ئائەو خەندەقەی ئەتوو لێتدایە ببتە مانیع لە بەینی توو بەینی موشریکین، ئەوان دەرکەی خۆیان کردیتەوە لە دەرکەی وانەوە موشرکین ئیلتیفاف پێچ بکەن بێنە ناو مەدینە و پێشت لێبگرن ئەتوو حیسابی خۆت بکە.

پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)، لەبۆ تەئکیدی ئەو خەبەڕە قەضییەکە شمولی جموعی صەحابە دەکا، هەموویان دەبی ئەوانیش ئیعلام بکرێن دوو قیادی زەعیمی ئەوس و خەزرەجی نارد لەبۆیان کە سەعد بن موعاذ و رەفیقەکەی بچن موتابەعەی ئەو مەوضوعەی بکەن، کە هاتنەوە فیعلەن ئیقراریان کرد کە یەهود هەرچی عوهود و مەواثیق هەیە هەمووی نەقض کردییە، وە هەموویان بەنی قورەیضە شەش سەد و پەنچا هەتا حەفت سەد نەفەرینە عەدەد و عودەدی خۆیان وەرگرتییە، ئیستیعدادی خۆیان وەرگرتییە لەبۆ حەرب، وە ئەگەر لە بیرتان بی بەحسی ئەوەمان کرد مەعامیلی حەربی لەناو مەدینە ئی یەهود بوو وەختی خۆی، لۆیەش یەهود تەکەففولی ئەوەی کرد دە هەزار نەفەر موقاتیل ئیمدادکا بە ئەسلیحە، ئەگەر خۆی مەعامیلی هەبی (١٠) دە هەزار نەفەریش

تەکەففول بکا ئیعدادی عەسکەری، دەبی خۆی حەتمەن لەناو حصون و قەڵا و قیلاعی خۆی چی لۆ خۆی دانابی.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، یەکسەر کە خەبەرەکەی گێ لێبوو هەر لەناو خەندەق درێژ بوو، تەقریبەن فەترەکی کەم هەستاوە بەخەبەر هات، خەوی لێ کەتبوو بەخەبەر هات فەرمووی: هیچ ترستان نەبی، رب العالمین خۆی ڕەقیبە وە سەمیع و بەصیرە و حاضرە مەوجودە، لە جەرەیانی عەمەلییە بەس ئەنگۆ ئاگاتان لە داخیلی خۆتان بی، هەر ئەوەندە.

ئەوە صەففی یەهود لە دەوروبەری مەدینە، موشریکین (١٠) دە هەزار ئینتیزار دەکەن لە خاریجی مەدینە جەمعی موئمینین دوو هەزار و قصور هەتا سێ هەزار نەفەر موقەسسەمن لەناو مەدینە، لە ئەطڕافی خەندەق مەجموعەکی کەم حیراسەتی ئەوهەموو مار و مندار و ئافرەتەی دەکا کە لەناو مەدینەی ماینە، حیفاظەتیان بکا بەعزە سەڕایای دانایە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، لەناو مەنطەقەی غابات و دەوروبەری چیایەکان، ئەطڕافی چیایەکان هاتووچوو بکا، لۆوەی ئەخبار نەقل کا لەبۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئەگەر هاتوو موشریکین قەڕاری ئەوەش بدەن لە ڕێی غاباتەکانەوە قەطعی مەسافە بکەن بگەنە ناو مەدینە، ئائەو جەمعە صەحابە سەڕایانە مەعلومات نەقل کەن لەبۆ پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم).

باشە بەس جەبهەی ئیمان هەر صەحابە و پێغەمبەرە؟ تەمەشای سیاقی قوڕئان بکەین، نەخێر دوو فیئەیتکەش مەوجوودە لەناو مەعەسکەری ئەهلی ئیمان، ئەوانیش فیئەی زۆر خەتەر مونافیقینن، دووەمین لەناو جەمعی موئمینین مەجموعەکن کە قەلبیان نەخۆشە، (في قلوبهم مرض) (الأحزاب ١٢)، ئائەو دوو فیئەیە لەگەر صوفوفی صەحابە پێکەوە تەعەسکوریان کردییە لەناو خەندەقینە، ساردییش، هەواش ئیشی خۆی دەکا، بە شەو ئەمرکرا کەس لە صەحابە نابی سەحب ببی، هەریەکە لە جێی خۆی نوێژ دەکەن، لە جێی خۆیان نوێژ دەکەن کەس نابی دەرچی، کەمائینی موشریکین مەوجوودە مەحاوەلەی ئەوەی دەکا ئیختیڕاق بکا، پاشی سێ شەو و سێ ڕۆژ ئیجتیماعات و لیقائات ئیتتیفاقی ئەوەی کرا، هیچ مەجالەك نییە موجەڕڕەد ئیختیڕاقی خەندەق بکرێ، لۆیە نابی جموعی صەحابە ئینسیحاب کا هەر ئەو چل صەحابەی کە پێکەوە دانرا بوون لە ناو قائیمەی حەفری خەندەق، هەر ئەوانە پێکەوە لەناو خەندەق دانیشتینە، لۆیە ئیحتیمالی زۆری هەیە مونافیقین لە ناویان موززەع ببن، تەوزیع کرابن.

موشریکین بەرێی یەهود عەنطەڕیقی یەهود مەعلومات لە ڕێی مونافیقینەوە نەقل بکرێ لەبۆ وی، ئەوەی مەطلوبە ئەو خەبەرە دەرنەچوو پاشانیش خەریتەی بەعدی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) ئی عەسکەری مەعلوم نییە بەس لە کن ئەو جەمعە صەحابە قەریبانە، وە ئیمانیش ئیمانی صەحیح

ئیمانی حەقیقی کە لەناو قەلبی صەحابەی ڕەگی داکوتییە ئەو صەممامی ئەمانە لەبۆ دەرنەچوونی ئەخباری عەسکەری، لەبۆ ناو صەففی مونافیقین، ئەمما ئەدی ئائەوانەی فیعلەن (في قلوبهم مرض)، ئائەوان خەلەل بوون، وەکو غەزوەی ئوحد بەحسمان کرد کو لە خەلەل لە (الذين في قلوبهم مرض) (الأحزاب ١٢)، هات قەلبیان نەخۆش بوو ئیمان تەواو لە ناو داخیلی قەلبیان لەناو دلیان ڕەگی دانەکوتی بوو، تەشبیهمان کردن، ئەگەر هاتوو قەلبیان وەکو کەرپوچە زێڕەك مەسەلمان هینا بە کەرپوچە زێڕەکی بچی، یەك زەڕە لەو کەرپوچە زێڕە مس بی ئەو مسە ژەنگ دینی، ئائەوەیە خەلەلە لەبۆ هەموو کەرپوچەکەی، کەرپوچە زێڕەکە بەزێری نەقی حیساب ناکرێ.

لۆیە ئەگەر هاتوو سێ چار صەحابیش لەناو قەلبی ئیمانی حەقیقی سەدا سەد مەوجود نەبووبی حەتمەن نەخۆشی هەیە، وەکو بەحسمان کرد بەرداغ هەتا سەری پرببی بە ئاو فەڕاغ بەجێ ناهێلی لەبۆ هەوا، ئەمما قیچەك بەقەد سانتیمەك ئاوی تەواوی تێ نەکرێ ئائەو سانتیمە هەوایە، لۆیە لەو حالەتەی کە قەلبی صەحابی هەمووی پر نەبوو بوو سەدا سەد لەو نوقطەیەی کە فەڕاغ بەجێ هێشترابوو لەبۆ شەیطان و هەوا و ضنون لێرە شەیطان داخیل بوو شەیطان داخیل بوو تانی فیعلەن لە ڕێی مونافیقین و لە ڕێی: (الذين في قلوبهم مرض) (الأحزاب ١٢)، بەلبەلە دروست کا لەناو جموعی صەحابە.

وە فیعلەن مونافیقین نەقدی ئەوەیان کرد، ئەوە حالە ئەمە تێداینە ئەوە چەند شەوە ماڵمان منداڵمان زگمان چونکی حیصاری ئیقتیصادیان لەسەر بوو، وەی لێهات ڕۆژ و شەوەك نیوجەمی بخۆن، دوو ڕۆژ و شەوەك جەمەکی بخۆن حەتتا صەحابە بەردیان لەسەر زگیان دادەنا، بە پشتێن دەیان بەستا لۆوەی تەئسیر لەسەر مەعیدەیان بکەن، ژانە زگ نەیانگری لە برسان، هەتا کە ئیمامی عمر پاری دابۆوە لەناو خەندەق، برسیاتی تەئسیری لێ کرد سەبر سەبر هاتە خزمەت پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم)، لە جێی مەنطەقەی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) نزیکبوو فەرمووی: يارسول الله دوعایەك لوطفەك ڕەحەماتەك تەماشای حاڵم کە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، فەرمووی: ئەتوو بەردەکت دانایە تەماشای زگی من بکە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دوو بەردی لەسەر یەك دانا بوو لەسەر زگی، ئەوە حالەتی وان.

ئەمما رب العالمين بەجێ دێلی ئەو حالەتەی؟ لە جەواب نەخێر مادەم ئەوانە بەو نەوعەینە ئیرادەی خوای ئەوها تەطبیق دەکەن سەدا سەد، رب العالمين لەطائیف ڕەحەماتی خۆی دەبارێنتە سەریان، لۆیە صەحابەك وەجبەی ئیسڕاحەتی بوو چوو بووە مارێ هاتەوە پێنج شەش خورمای لە دەست بوو، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) موشریفی عاممە لەسەر ئەحداس هەمووی، کێ دێ کێ دەڕوا کێ ئیشی هەیە حەتتا لەبۆ توالێتیش دەبی پرس بە پێغەمبەری بکەن (صلى الله عليه وسلم)، هاتەوە

دوو سێ دنکە خورمای لە دەست مابوو لە ڕێێ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) گۆتی: چییە ئەوە؟ گۆتی: خورمایە بیدە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لێی وەرگرت کە لێی وەرگرت، هاوێشتییە باوەشی دیشداشەی خۆی، پاشان هاواری کرد کەلیمەی سڕیشیان لە بەین حامیم لا ینصرون، ئەوە کەلیمەی سڕ بوو لەبەینیان یەك بە یەك کەلیمەی سڕ کە نەقل دەکرا لەبۆ ئەخیر نەفەر لەو بەری ئەخیر نەفەری خەندەقیش لەو بەری وەجبە وەجبە دێن حصەی خۆیان لە خورمای ببەن، سێ جەم کامیل چار دەنکە خورما کافی سێ هەزار نەفەری کرد، ئەوە وەجبەك مەجموعە وەجەباتەك بە واسطەی سێ دەنکە خورمای رب العالمین تەقسیم دەکا ذەرراتی خورمای زیاد دەکا، ئینتاج دەکا دارەکەش با مەوجود نەبی.

صەحابییەك خێزانەکەی بە واسطەی کچە گچکەکەی سێ چار ئەستورکی گچکەی لۆ کردبوو، پێی نارد بە کچەکەی ناردە خزمەت مێردی خۆی لەبۆ مێردی خۆی نارد، لە ئەسنای هاتوو چوون پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تەماشا دەکا کچەکەی دیت کچەکی پارچەلە کچەکە بانگی کرد، لۆچ هاتی؟ ئەویش ناتانی ئیخفا بکا لە باوەشییتی لە بەرامپیلیتی، گۆتی: یارسول الله ئەوە سێ چار ئەستورکی گچکەیە هینایتم لەبۆ بابم، فەرمووی: فڕێدە ئێرە فرێیدا باوەشی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم)، دیسان عەینی بە کەلیمەی سڕ وەجبە وەجبە دەهاتن حصصەی خۆیان لەو نانەی برد.

لەوەی عەجیبتر کە کو رب العالمین ئیشی خۆی دەکا بەس ئەمە ببین چونکی صەحابە هەبوون، کە ئافرەتەك خواردنی کردییە لەبۆ مێردی خۆی، خەبەری نارد سڕەن بە دزی لەبۆ مێردی وەرە سەحب بە لە ئەسنای نۆبەتی ئیسڕاحەتت خواردنم لۆت حازر کردییە، چونکی صەحابەکان لەوێ ئەوەی گەنج بوو نۆبەتی ئیسڕاحەتی خۆی دەدا پیرەکان، ئەو صەحابەیەش گەنج بوو نۆبەتی خۆی دابووە پیرەك، کە خەبەری لۆ هات گۆتی: نا بابە ئەمن لە مالی مەطلوبم دەچم ئیشم هەیە، یەکسەر کە هات ئیزن وەرگری لە پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) نەقل بی لەبۆ ماڵی خۆی وەجبە خواردنەکەی بخوا، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، فەرمووی: لۆ دەچی؟ گۆتی: والله دەچم خێزانم خواردنی لۆ کردیمە، فەرمووی: باشە بڕۆ ئەمەش گەیشتین، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) کە ئەمری کرد بەڵێ گەیشتین گەیشتین (سمعا وطاعة)، ئیمانە تەڕەدوودی لێ نییە، فکر لۆوەی نابی بچی، لۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وایگۆ؟ یەك وەجبە خواردنە لەبۆ یەك نەفەری کرایە، یەکسەر چوو بە مارێی گۆ گۆتی: ئەوە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، دێ خێزانەکەی فەرمووی: سەرچاومان بابێ.

فیعلەن پاشی وی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چوو خواردنەکە حازر نەبوو حازر کرا لە پێشی داندرا، پێغەمبەر و صەحابە دەستیان کرد بە خواردن، پاشان فەرمووی: بڕۆ وەجبە وەجبە ئەو

مەجموعەیەی بنێرە ئەو مەجموعەیە هات دە نەفەر، ئەوەی هاتە دەرێ هەشت نەفەر، هاتن لە عەینی قاپ خواردیان ڕۆیشتن دە نەفەریتکە هات، سێ هەزار نەفەر لەو قاپەی نانی خوارد، خودا دەکا ئەگەر عیبادی هەبی وفقی ئیرادەی وی، ئەوە چەند وەجەباتەك بەو نەوعەی.

ئەمما مونافیقین ئیشی خۆیان دەکەن، (الذين في قلوبهم مرض) (الأحزاب ١٢) جسرە لەبۆ مونافیقین، لۆیە گۆتیان: تەماشای ئەمە پێمان ناکرێ دەرچین قەزای حاجەتی خۆمان بکەین، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دونێ و پێرێ وەعدی پێ دەدایین، والله قوصوری کیسرا و قوصوری شامتان بە نسیب دەبی، کلیلی یەمەنتان دەدرێتێ بەس قیچەك ئینتیزار بکەن، یەکسەر ئەوە لەناو (الذين في قلوبهم مرض)(الأحزاب ١٢) دەوری دیت سەبر سەبر گەورە بوو قەلبە، هەتا رب العالين زۆر بە موجەسەمی بەحسی حالەتەکەی دەکا، لە خزمەتتان بخینین دەفەرمی: (إذ جاؤوكم) لە گەر موشریکەکانیتی (من فوقكم ومن أسفل منكم وإذ زاغت الأبصار وبلغت القلوب الحناجر) (الأحزاب ١٠)، لۆ؟ (وتظنون بالله الظنونا) (الأحزاب ١٠)، ئائەوە موشکیلەکەیە نەخۆشییەکەی ئائەو جەمعە صەحابەیە (الذين في قلوبهم مرض)، (وتظنون بالله الظنونا) (الأحزاب ١٠)، کەلیمەی زەیغ لە قورئان هەشت جار هاتییە، چار جار لەبۆ قەلب هاتییە چار جار لەبۆ چاو هاتییە، لێرە رەبطی قەلب دەکا بە چاو، ئەمما لەبەر ئەوەی ئیمان مەوجودە کەلیمەی زەیغی قەلبی لەبۆ کوفر هاتییە لە قورئان، لێرە لەبەر ئەوەی قەضییەکە ئیمان مەوجودە ئەرضییەکی هەیە، ئەمما نەخۆشە قەلبەکە نەخۆشە، لۆیە رەبطی دەکا بە چاو: (وإذ زاغت الأبصار وبلغت القلوب الحناجر)، لۆ؟ (وتظنون بالله الظنونا) (الأحزاب ١٠)، چیلێهات بە مەعکوسی لەسەر هەموو جەمعی صەحابە، (هنالك ابتلي المؤمنون وزلزلوا زلزالا شديدا) (الأحزاب ١١)، ئەوە سورەتی الاحزابە هەر بە ناوی ئائەو جەیشەی ئائەو ناوە دانراوە، سەبەبی چ بوو؟ (وإذ يقول المنافقون والذين في قلوبهم مرض ما وعدنا الله ورسوله إلا غرورا) (الأحزاب ١٢)، ئائەوە مونافیقون ئەوەیان تەرویج کرد.

(الذين في قلوبهم مرض)، مونافیق نینە جەمعی موئمینن، ئەمما موپتەدیئن جارێ لەناو قەلبیان ئیمان تەواو ڕەگی دانەکوتییە، لۆیە نەفسی کەلیماتی مونافیقین قورئان لێیان نەقل دەکا، (وإذ يقول المنافقون والذين في قلوبهم مرض) (الأحزاب ١٢)، مونافیق نینە ئەوانە (والذين في قلوبهم مرض)، نەفسی قسەی وان تیکراڕ دەکەنەوە چییە قسەکە؟ (ما وعدنا الله ورسوله إلا غرورا) (الأحزاب ١٢).

ئەوجە پاشان کە ئەو غربە غربە دروست بوو، شەیطان دەوری خۆی دەبینی خەلەلەکە دروست بوو، فەڕاغە سانتینەکە لەبۆ هەوای لەناو ئاوەکەی مایە یەکسەر لەوێ دێ ذەڕە مسەکە لەناو کەرپووچە زێرەکەی مەوجودە، لەوێوە شەیطان دێ یەکسەر ئەوجە فەڕاغەکەی زیاتر دەکا،

ذەرەکەی گەورەتر دەکا دەکاتە پێنج و بیست و سی، ئەگەر پێی بکرێ هەمووی دەکاتە مس زێڕەکەی قەلبەی هەمووی دەکاتە قەلبی نیفاق، چونکی نەخۆش و میکرۆبی تێدایە ئەگەر عیلاج نەکرێ.
لۆیە مونافیق دەوری زیاتری دیت، چیگۆ: (وإذ قالت طائفة منهم)، هۆردوو فیئە: (یا أهل یثرب لا مقام لکم) (الأحزاب ١٣)، ناڕێ یا أهل المدینة الرسول، یەثریب، چونکی لۆ؟ موقتەنیع نینە مەدینە (مدینة الرسول)ە، حەقائیقی داخیلی مونافیقین (والذین في قلوبهم مرض) (الأحزاب١٢)، بە تەئثیری مونافقین کو رب العالمین کشف دەکا: (یا أهل یثرب لا مقام لکم فارجعوا ویستأذن فریق منهم النبي یقولون إن بیوتنا عورة) (الأحزاب ١٣) مونافیق بوون ڕەتلی خامسی (طابور خامسی) کوفر بوون، خاصەتەن ئی یەهود، یەهود ئەوانی دورست کردبوو لە مەعەسکەری وان ئەوان دورست ببوون، ئەوجە دەیانگۆ: و(الله) مارمان بەرفراوانە و بەڕەڵایە لەبۆ یەهود، نەوەك بێ یەهود تۆرەی خۆی وەرگری بەو فەننە و فێڵەی دەیانویست ئیزن لە پێغەمبەری وەرگرن، لۆوەی بگەڕێنەوە ناو مار و منداری خۆیان.
بەو نەوعەی رب العالمین تەسەلسولی ئایات لە سوڕەتی ئەحزاب طەڕح دەکا، ئەمما لە بیدایەت حەصریان دەکا رب العالمین، لە بیدایەت ڕەقیقترین تەعبیر لەطیفترین تەعبیر شەفافترین تەعبیر لە قوڕئان لەبۆ تەحدیدکردنی عیلاقەی بەینی ذاتی رسول (صلی الله علیه وسلم)، لەگەر جەمعی هەموو موئمینین، لەو ئایەتەی کەشف دەکا کە دەفەرمی رب العالمین: (النبي أولی بالمؤمنین من أنفسهم)، (النبي أولی بالمؤمنین من أنفسهم وأزواجه أمهاتهم) (الأحزاب٦) یەعنی کەلیمەی وەلی، دروسی پێشتری بەحسمان کرد، یەعنی صاحب صەدیق موعین نەصیر، بەو چار مەعنایەی لە قوڕئان هاتییە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، لە ئینسانی موئمین لە خۆی زۆر وەلیترە زۆر معینترە زۆر قەریبترە لە ئینسانی موئمین خۆی لە خۆی، پێغەمبەر لە ئینسانی موئمین لەخۆی قەریبترە.
یەعنی ئەبوبەکر چەند مەصالیحی دونیا و ئاخیرەتی خۆی دەزانی ئاگەدارە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە ئەبوبەکر حەریصترە لەبۆ مەصالیحی ئیمانی دونیا و ئاخیرەت، وە لەبۆ هەموو جموعی صەحابە وە لەبۆ جموعی ئەنگۆش هەموو موئمینین، (النبي أولی بالمؤمنین من أنفسهم)، لۆیە بالنتیجة، (وأزواجه أمهاتهم) (الأحزاب ٦)، ئەگەر هات فیعلەن ئەو ذاتە عەضیمە کە رەئوف و رەحیمیشە، لە عەینی وەقت حرصی، (حریص علیکم بالمؤمنین رؤوف رحیم) (التوبة ١٢٨)، حرصی لەو دەرەجەیەی دابی فیعلەن کە ویلایەتی موئمین ئەوەندەی خۆی موئمین لەبۆ خۆی دەیەوێ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) زۆر زۆر زیاتر لەوی لەبۆ وی بوێ، کو ڕیعایەتی زگ و ڕیعایەتی مەصالیحی ماددی و ڕیعایەتی حیفاظەتی بەدەنی و ئەوجە پاشان هەموو دونیا و ئاخیرەتی ناکا.

ئائەو قاعیدەیە لە مێشکی جەمعی صەحابە دادەنێ، رب العالمین لۆوەی فیعلەن بە تەواوی موستسلیم بن، ئائەو تەواوی موستسلیم بوونە، نەوعە جیهادەکە نەوعە جیهادەکە دەبی بکرێ لەبۆ شەخصییەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، لۆوەی فیعلەن شەخصییەتی پێغەمبەر لەناو قەلبی صەحابە و جموعی موئمینین تاقە نەفەربی ئوسووەتی پێ بکرێ، (لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة) (الأحزاب ٢١)، ئەوەی زمانی عەرەبی خیندییە، دەزانی موحەددیدات و حەصری ئائەو جوملەیەی چەندجار کرایە لە قورئان، (لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة) (الأحزاب٢١)، لۆ؟ چونکی ئەولاترین ئینسان بوو لەبۆ ذاتی ئینسان، (من أنفسهم) (الأحزاب ٦) ئەبەو نەوعەی لەناو شعوری جەمعی صەحابە ئائەو حالەتە دروستکرا و خەتم کرا، ئەمما کە ئەوها نەبوو مەرەض هەیە، مەرەضەکە لە بوعدی کەلامی موحتەمەلە کابرای موئمین (الذي في قلبه مرض) في سەمعیهیش مەرەض دروست دەبی، في بەصەریش مەرەض دروست دەبی، چونکی لە قەلب مەرەض هەیە، ئائەو مەرەضە تەفاقوم دەکا ئەثەری لەبۆ سەمع و بەصری دێ، سەمعی ئائەو (الذي في قلبه مرض) موحتەمەلە مەجالەك دروست بکا، کەلیماتی مونافیقینی پێدابڕوا لەبۆ ناو مێشکی پاشان ئەوجە بینە و ببەی بکا لەناو مێشکی خۆی، حیساب و کتابی لەبۆ بکا، فیعلەن ئەوە ئەمە وەزعمان کوە پێغەمبەریش وەعدمان پێ دەدا ئەوە قصوری کیسرا و شەواهیقی شام و مەفاتیحی یەمەنمان دەدرێتێ، ئەوە ناتانن لە جێی خۆیان دە مەتر سەر برندکەن، ئائەوە حالەی مەرەضە، لۆ؟ چونکی ئائەو صەحابییە فیعلەن ئیحساسی بەوەی نەکردییە، یاخود ئەو حالەتە لە داخیلی دروست نەبووە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە حەیاتی خۆی حەریصترە لەبۆ مەصلەحەتی وی، ئائەوە خەلەلەکە و مەرەضەکەیە.

لۆیە رب العالمین لە سورەتی ئەحزاب ئایەتی شەش ئەوەی تەقدیم دەکا، عیلمەن موقەددیماتی بینائی هەر لە بیدایەت: (يا أيها النبي اتق الله ولا تطع الكافرين والمنافقين إن الله كان عليما حكيما) (الأحزاب١) یەعنی هیچ مەجال نەبی نەوەك کوفر یان نیفاق یاخود (الذين في قلوبهم مرض) (الأحزاب ١٢) خەلەلەك ببینی، ئەبەو نەوعەی بەو تەسەلسولەی قورئان موعالەجەی قەضییەی دەکا، ان شاءالله کە چوونەوە مالێ سورەتی ئەحزاب بکەنەوە، بە ڕوئییەی قورئانیی تەمەشای ئەحداث بکەن، کە کو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) موعالەجاتی کردییە.

بێینەوە سەر سەردی سیرە: (الذين في قلوبهم مرض) (الأحزاب ١٢) بوونە سەبەبی خەلەل، وە زیلزال دروست بوو، ضنون دروست بوو بەرامبەر رب العالمین، ئایا فیعلەن وعودی ڕەببانی دەبی ئەحەقییەتی هەبی لە وجود، لۆیە یەکسەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، مەحاوەلەی ئەوەی کرد شەحنی ئیمانیاتیان بکا، یەکسەر ذیکر ذکری ڕەببانی، وە تەقوا وە موعالەجاتی صەبری، شەحن بکرێتەوە لە داخیلی صەحابە دیسان سەر لە نوێ، ئەو حالەتە دروست بوو، موشریکینیش لە دەرێ

قەڕاری ئەوەیاندا پێیان ناکرێ ڕاوەستن بێن هجوم بکەن، لەو جێیەی کە فیعلەن خەلەل هەیە، دەکرێ پاز بدرێ لەسەری یاخود جسر دروست بکرێ، شتی ئاسن و یا دار دابنرێ لەسەری نەقل بکرێ، یەکسەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەڕایای دروست کرد لە بۆ ئەو جێیانە.
سەریەك لە زوبیر بن عەوام وە ئیمامی عەلی وە عومەر بن خەطاب، ئەوانە موتەحەڕیك بن ئەو سێ نەفەرە، لەو سەر و لەو سەر، وە خاصەتەن ئەو جێیانەی کە ضیقە، بە تەواوی حەفر نەکرایە دەکرێ ببتە مەجالەك لەبۆ نەقلی موشریکین لەبۆ طەڕەفی لای جەمعی موئمینین، ئەوێ زیاتر ڕیعایەت بکرێ، فوجئەتەن ئیعلانی ئەوەی کرا سێ چار لە موشریکین نەقل بووینە، یەك لەوانە عیکریمە ئەویتکە عەمرو بن ود وە ضیڕاڕ بن خەططاب، ئەو سێیە هاتینە ئاوا بووینە، ئەمما رب العالمین دیسان سێ لە جنودی خۆی بەشەری ئەهلی ئیمان موقابەلەی پێکردن.
طەبعەن عەمڕ لەو زوعەمایانە بوو لە چ شەڕەك موشارەکەی نەدەکرد، ئەمما بەس موشارەکەی کردبا دەبا فەوز بینی غەلەبە بینی، عەمڕ ئائەو شەخصە بوو، لۆیە عەمڕ بە پێشکەت ئیمامی عەلی چووە بەرامبەری، قەدیمەن ئەبو طالب لەگەر ئەو عەمڕەی برادەر بووینە، ئیمامی عەلی یەکەمین نەفەر دەبی لە خەندەق مواجەهەی ئەو شەخصەی دەکا، عیکریمە و ضیڕاڕ لە پشتی وی دێن، فەڕاغەکە ئەو مەجالەی کە عەمڕ لێی نەقل دەبی فەڕاغەکی کەمە، بەس مەجالی وی دەبی بێتە ئەو دیوەی.
عەلی دەچیتە مواجەهەی، عەلی لە چاووی کوڕی وییە لە عومڕ، لەسەر حەیوانیشە عەمڕ بە ئیمامی عەلی دەلێ: بەینی من و بەینی بابت صەداقەت هەبوو، ئەمنیش وەفام هەیە نامەوێ ئەو صەداقەتەی هەدم کەم بڕۆ بگەڕێوە با نەفەرەکیتکە بنێرن، ئیمامی عەلیش موئمینە تەقییە دەرێ: فیعلەن ئەگەر صادق بای لەبۆ بابم لەبۆ کوڕی ویش دەبا صادق بی، ئەگەر صەداقەت و زەمالەتتان لە بەیندا هەبووبی، وەفات هەبووبی قەناعەت بەوەی بینە کە بابی من لەسەر ضەلال چوو، وە باشترین نەفەر ئائەوەیە کە ئێستا مەوجودین ئەمە، تەمەشاکە کو شەیاطین لە گەرتان مەوجودە کو مەلائیکەت لە گەرمە مەوجوودە، لۆیە وەفائەن لەبۆ ئەو عەهدەی بەینی تو و بابم بوو، وەفائەن لەبۆ وی دەعوەتت دەکەم لەبۆ ئیمان، لەبۆ جەننەت لەبۆ تەقوا، ئەمنیش ئیبائم هەیە خینی ئەو نەفەرەی بکوژم کە ڕۆژەك لە گەر بابم صەداقەت و زەمالەتی هەبووە، یەکسەر عەمڕ قسەی نامینێ دەرێ: إن کنت لا بد منه فاقدم، موشریکە شەیطانی لە سەری موسەیطیرە، ئەو لەسەر حەیوان ئیمامی عەلیش لەسەر عارد، طەبعەن عیملاقی حڕوبە حەڕەکە و نەشاط دەکا، دەیەوێ فیعلەن ئیمامی عەلی شەهید کا، ئەمما ئیمامی عەلی لەوی وفقی ئیرادەی خوایی هەر بەس شیرەکەی دەوەشینی کابرای

دەكوژی لەوێ، كێ دەكوژی؟ عەمڕ دەكوژی، ئائەو عەمڕەی فیعلەن وەكو ڕەمزەك هینا بوویان، لەو حەڕبەی موشارەكەیان لەگەر بكا.

كە ئەو دەكوژرێ عیكریمە گەیشتە ناوەڕاستی خەندەق لەگەر ضیڕاڕ، لە ترسان عیكریمە شەخصەكی زۆر عەجیببیش بووە زۆر جەریء بووە عیكریمە، كە پاشان وەكی موسوڵمان دەبی عیكرمە، هەتا خالید بن وەلید بەحسی دەكا لە زیكرەیاتی خۆی دەرێ: عیكریمە ئەوها ئەوهای دەكرد لە گەرمان، طەبعەن پاشان موسوڵمان دەبی پاشی فەتحی مەككە، ئائەو شەخصە عەجیبە بەقووەتە لە ترسان سیلاحی خۆی لەوێ بەجێ دێلی، طەبعەن لە كنتان مەعلومە لەوێ ئەو خەلەلە نەبوو دەیاندیت مەلائیكەت، ئەمما لێرە نەء ئەثەری ئەو خەلەلەی تەئثیراتی سلبی لەسەر چاویان هەیە، لۆیە دەفەرمی: (وجنودا لم تروها وكان الله بما تعملون بصيرا) (الأحزاب ٩)، داخیلە تەحویل دەكرێ لەبۆ خاریج، لۆیە رب العالمين قەضییەی عەمەلی هینایە كە بەصیڕە لەسەر ئەعمالیان.

موخاطەبە لەگەر جەمعی موئمینینە، جنود هاتتە خوارێ، كابرای موشریك دەیەوێ خواردن لۆ خۆی بكا، طەبعەن ئەرزاق و مەرزاقیان لەگەر خۆیان هینایە، خێمەیان هەڵدایە ئەوەیان كردییە، دەیەوێ مەنجەری باوێتە سەر بەرد یەكسەر مەلائیكەت پاری پێوەدەنا، دەیەوێ موڵاتەفە بكا لەگەر نەفەری خۆی چونكی شەڕ نییە، (١٠) دە هەزار نەفەر دە هەزار نەفەر هەمووی تێكەڵە، لەگەر ڕەفیقی خۆی موڵاتەفە بكا یەكسەر كەلیمەك مەلائیكەت دەوی دەگرت، گێی لێدەبوو دەبووە مەشاكیل لە بەینیان، دەبووە شەر لە بەینیان، ئوسلوبی مەلائیكی لەبۆ ئیثارەی روعب و مەشاكیل دروست كردن لە بەینیان، نەك جەبهەوی مەلائیكەت بێتە خوارێ، ئەوە ئیشی مەلائیكەتەكان بوو جنودی خوای.

پاشانیش ڕیح عاصیفەك عەجیب لەو شەوە زستانەی، چەندەها بەتانی و خێمەیان لە خۆیان لوول دەدا هەر لەقە لەقی سەرمایان بوو، لۆیە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی غربە غرب زۆر بوو مەشاكیلیان زۆر بوو، ئاگریان پێناكرێ نانیان پێ دروست ناكرێ خواردنیان پێ دروست ناكرێ، خۆیان پێ حیمایە ناكرێ، یەعنی حالەتەكی تەخەوف لەناو قەلبیان دروست بوو، كە دادەنیشتن ئەغلەب جار موشریكەكان دەستی یەكتریان دەگرت، (١٠) دە هەزار نەفەر دەترسان، دادەنیشتن پێنج شەش نەفەر پشتیان دەدا یەكتری لە ترسان، یەعنی پشتیان لۆوەی بەس مواجەهەی موقابیل بكەن ئێ بەشەرە یەكەكیان لێ قیت ببتەوە، عیلمەن دەشبینن خەندەقەكی پان و بەرین لە بەرامبەریانە (وقذف في قلوبهم الرعب) (الأحزاب٢٦)، بە واسطەی جنودی، كێ دەیكا جنود الله جل جلاله.

فیعلەن غربە غرب پەیا بوو، ئەوە لەناو جموعی موشریكین، لۆیە ئەو قاعیدەیەی هەموو ضەختی لەسەر قیادەی عەسكەری خۆی دەكرد حەلەك ببینەوە با قوتاربین، لەولایەش یەهود نەفەرەكیان ناردە ناو مەدینە ئیستیطلاعات بی یەكسەر كوژرا، صەفییەی پلكی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم)

کوشتی بە بەردەکی، کە موستەطلیعەکە نەگەڕاوە دوو ڕۆژی پێ چوو، یەهود قەناعەتیان بەوەی هات، فیعلەن جەبهەکی زۆر قەویش پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لەناو مەدینەی دانایە، لۆیە پێیان نەکرا دابەزن هەر لە حصونی خۆیان مان.

لەو بەینەی رب العالمین ئیشی خۆی دەکا نەك بەس بە جنودی ئاسمان بە جنودی عاردیش، پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) دوعا دەکا جموعی صەحابە دوعا دەکەن یارەبی ڕەحەمات و لەطائیفت، لۆیە هەر لەناو جموعی غەطەفانی کابرایەك جوندییە قیادیشە، لەگەر قەبیلەی خۆی هاتییە بەنی غەطەفان لەبۆ شەڕ لەگەر جموعی موئمینین، لەبەر ئەوەی خەیری لەناو داخیل هەیە، خەیر لەناو داخیلی هەیە، کو قەدیمەن لە قەواعیدی ئیمانی بەحسمان کرد (لو علم الله فیهم خیرا لهداهم) ئائەو خەیرە مەوجوودە گەیشتە مستەوای وەی فیعلەن رب العالمین هیدایەتی بدا، هیدایەتی دەدا.

لە مەعەسکەری خۆی سەبر سەبر بە دزی سەحب دەبی دەگەڕێتەوە دەسوڕێ دەگاتە خزمەت پێغەمبەری (صلى الله علیه وسلم)، لەناو خەندەق، دەرێ: یا رسول الله ئەمن نەعیمی کوڕی مەسعودم قائیدەکی غەطەفانیمە، هاتیمە ئیعلانی ئیسلامی خۆم بکەم، لە عەینی وەقتیش مەقبولی ڕەئیمە، ڕەئیم مەقبولە لە کن جموعی موشریکین، وە جموعیتکەش ئەمرم پێ بکە چ ئەمر دەکەی دەکەم ئێستا، بلێ برۆ هەموو قیادەی قورەیش بکوژە لەوێ هەمووی دەکوژم، ئەمما موحتەمەلە لەوانە لەو قیادانە مەجموعەك موئمینین دروست دەبن پاشان وەکو عیکریمە، لۆیە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) فەرمووی خذل عنا ئائەو جموعە تەفتیکە خەریتەی لەبۆ دانا، لەبۆ ناو یەهود لەبۆ ناو موشریکین، نەعیم بە تەنێ موقابیل (١٠) دە هەزار موشریك وە لەولایەش موقابیل حەفت سەد یەهودی یەك نەفەریشە، وفقی خەریطەی فیعلەن لە خەریطەی دەرنەچی.

یەکەمین خطوە ئەوەبی بچێتە کن یەهود، لەگەر یەهود عیلاقاتی هەیە دابنیشی لە گەریان موباحەثات بکا، پاشان ئەو حالەتەی نەقل بکا لەبۆ موشریکین، خەریتەکە کوە بە یەهود برێ: ئاخر شەڕینە ئەنگۆ ئاگاو لێنییە ئەوە موشریکین دەیانەوەێ سەحب بین، کە سەحب بوون لۆیان دەرنەینا ناجیح نەبوون لەو حەربەی، کە سەحب بوون ئەنگۆ ئیعلانی حەربتان کرد لەسەر موحەممەدی، سێ هەزار عەسکەر لەوێ ڕاوەستایە، هەر کە ئەوان رۆیشتن محمد یەکسەر ڕووی لەنگۆ دەکا، ئاخر شەڕتان کێ وە دەچن، والله قەتل و عامتان دەکا، حەل لۆ خۆتان ببینەوە، وەمەکەن موشریکین سەحب بین، باشە چ بکەین؟ بەمن: باشترین حەل ئەوەیە، سێ نەفەری هەرە گەورە لێیان هەر بژێرن، لۆوەی ئەوانە ببنە ڕەهائین لە کنتان، ئەگەر هات موشریکین حەرەکەی کرد لەبۆ پاشگەزبوونەوە و کشانەوە لەبۆ ناو مەککەی ئەنگۆ برێن بابە ئەمە ئەوانەیان تەسلیمی موحەممەدی دەکەین یان سەریان پەل

دەدەین، عهودتان هەیە لەگەڵ مە، کو تەحالوف دەشکێنن، دەدرێن: باشە مەعقولە قەسەکەت ڕاست دەکەی.